**بەڕێزان ئەندامانی کۆمەڵـەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان — لـیژنەی ستۆکهۆڵم !**

بە بروارى 2006/11/25 پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان کۆ بونەوەیەکی فراوانیان ئەنجامدا بە مەبەستی هەڵبژاردنی لـیژنەی بەڕێوەبەری ستۆکهۆلـم ، لـەو کۆبونەوەیەدا پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی شیوعی کوردستانی و یەکێتی نیشتمانیکوردستان بەشدار بوون ، پێشمەرگەکانی (حشك) داوایانکرد ئەز وەك نوێنەرێکی پێشمەرگەکانیحشك بۆ ئەندامێتی لـیژنەکە خۆم کاندیت بکەم ، براپێشمەرگەکانی (ینك ) داوایان کرد نەخرێمە دەنگدانەوە واتا بە تەزکیە ببمە ئەندامی لـیژنەکە ، ئەز ئەم کارەم لا پەسەند نەبوو ، داوامکرد ئەم شێوازە دورە لـە پرنسیپی دیموکراسیەوە و ڕێگەی تەعینکردن هەڵـەیەو باوی نەماوە!هەروەها پرسیارم کرد بۆچی پێشمەرگە دێرینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدار نین ؟ بە وەڵامەکەیان قایل نەبووم !ئەوەش بەباش نازانم لـەم ڕۆژەدا لـە دەرەوەی وڵات کۆمەڵـەی پێشمەرگەی جیاواز هەبێت ، لـە کاتێکدا لـە هەردوو ئیدارەکەی کوردستان حکومەتێك پێك هێنراوە ، وام بەباش زانیلـە ئەندامێتی ئەو لـیژنەیە وازبهێنم , تا ئەو کاتەی هەمو پێشمەرگەکانی کوردستان لـە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان (ئەوانەی ئینتمای حیزبیان ماوە یا نەماوە) لـەیەك کۆمەڵـەی پێشمەرگەی یەکگرتوی کوردستاندا کۆببنەوەو لـە ژێر سەرپرشتی حکومەتی هەرێمدا بێت ، پێم وایە هەرلـەم ڕوانگەیەوە داخوازیە ڕەواکانی پێشمەرگەکانی دەرەوەی وڵات ئەوانەی غەدرلـێکراون و بەلاوە نراون .دێتە دیی .

2006/12/21

براتان

قادر ڕەشید